● کورتە چیرۆك ●

# گریان بە سەر تەرمی زیندوویەکەوە

● جوان هیدایت فارس ●

خەمێکی بێسنوور. . کێشەیەکی بێهاوتا، گومانێك. . . نەخێر ڕاستییەکی زەق بووەتە موتەکەو دەستی لە بینەقاقات گیر کردووەو دەیەوێ بتخنکێنێ. ئازادیش پەیتا پەیتا ناخ و هۆش و بیرت ئەخواتەوەو دانی لە برینە سارێژ نەبووەکانت گیرکردووەو خوێنت تا دوا تنۆك هەڵ ئەلوشێ، ئەم لەشە خاوو سستەشت بووەتە بارێکی قورس. . . ێجگار قورس، نازانی چۆن هەڵیگریت و بۆکوێی بەیەی. . هەموو شتێ لەم ژینگە بۆگەنەدا شاڵاوی مەرگت بۆ دێنن. تۆو ئەم مێشکە ئاڵۆزو نوقمی ئازارەو ئەم لەشە بێهێزو توانایەت مانای زاراوەیەکی بۆگەن و سواوشی ئەکەنەوە خۆت نەبێ کەس لە ماناکەی ناگات. هەنگاوە خامۆشەکانت بەزۆر دەتبەن بۆ شەقامێك، بۆکوچەوکۆڵانێك بێجگە لەتۆ کەسی لێ نەبێت. شەرمەزاری و سەرشۆڕی بوو نەتە ناسنامەو بەم خەڵکەت دەناسێنن، وا لە دوورەوە دوو گەنجی جوان بەرەو

ڕووت دێن، سەربەست و ئازاد جارجاریش سەرێك بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوەو لە پان و بەرینی و شینایی ئاسمان ورد دەبنەوە وەکو بڵێی هەر ئەوان سەر بەرزن. خۆوەکو تۆ نین تا ئێستا سروشی دڵڕەق تاقە ساتێکی سەر بەرزیت پێ ڕەوا نابینێ. . حورپەیەك لە دڵت کەوت، ترسای نەوەك بتناسنەوە، ئەگەرچی تۆ نایانناسی، ئاسراوی و کەس ناناسی هاوکێشەیەکی سەیرە. . زۆریش سەیر. بزەو تێڕوانینیان ئەتووت چەقۆیەکی دەم تیژە لەشت هەنجن هەنجن ئەکات، دڵنیابووی کەس نییە نەتناسێ یاخود ناوتی نەبیستبێ. لە زۆر لاوە پەنجەت بۆ ڕائەکێشن ئەوە کوڕی فلانە کەسە، بۆجاری هەزار، مەرگ بە ئاوات ئەخوازی، حەز دەکەی ببیە دڵۆپێك ئاوو بچیە ناخی زەوییەوە، ئاخر ژیان نرخی چییە گەر تۆ تیایا سەر شۆڕو دیلی کردەوە بەدەکانی مرۆڤێکی تر بێ. بە جارێ شێتگیر بووی، چاوەکانت سوور هەڵگەڕان وئاگری شەڕیان لێ دەباری. قسەوپلارو توانجی ئەم خەڵکەش گوللە بارانێکە بۆ خۆی بەتەنها تۆ ئەپێکێ. وەکو بڵێی هەموو کردەوە ناڵەبارو گەندەکانی تۆ

پێی هەڵساوی و تاوانە گەورەگەش هەر لە ئەستۆی تۆدایەو ئەبێ تۆ سزاکەی وەرگری. ئەبێ بیر بکەیتەوەو ڕێگایەك بدۆزیتەوە یان خۆت یان ئەو لەم گێژاوە ڕزگار بکەیت. هەموو شتێ لەم گەردوونەدا بێ نرخ و بێبەها دێنە پێش چاوە بێهیواکانت. . . پەیوەندی و تێکەڵ بوونت بە خەڵکی بە کردەوەیەکی ناشیرینی لە قەڵەم دەدەی. . . لەو باوەڕە دای هەموو شتێ بۆگەن بووە. ڕاستییە مەزنەکەش وەکو تراویلکەی لێهاتووە هەرچەند بەدوایا ڕادەکەی هەر پێی ناگەی. . هەنگاوەکانت خێراتر ئەکەی کەچی هەر پێی ناگەی کە بەوەش نەگەی بەهیچ ناگەی. تادێ زیاتر ناخی خۆت ئەخۆیتەوە، لەو باوەڕەدای ئەم ئافرەتە خوێنی جارێ پیس کردووی. ئەوەی ماوەو ئەمێنێ ڕق وکینەو حەزی تۆڵەیە کە تا بێ تەشەنە ئەکاو هانت دەدا سوور بێت لەسەر بڕیارەکەت، بەڵام نازانی چۆن و بە چ جۆرێ بە ئەنجامی بگەیەنی!!؟ هەردوو دەستت لە

نێوقژی سەرە چە نجاڵەکەت گیرکردووە وا هەست دەکەی ئەم سەرو مێشکەت شەقامی ڕەشیدە لە کاتژمێرێکدا هەزارو یەك ئۆتۆمبیل پیا تێئەپەڕێ سەیر لەوەیە چۆن تا ئێستا ماوەو بەرگری کردووەو خوێنی مێشکە پڕاوەکەت شەقامەکەی ئاڵ نەکردووە. نیگەرانی هانا بۆکێ بەری و باسی ئەم داوێن پیسی و ئابڕوو چوونە بۆ کێ بکەی، چۆن چۆنی ڕوو بەڕووی ئەم خەڵکە ببیەوەو نکوڵی ئەوە بکەی کە لەخوێن و گۆشتی ئەوی. ڕق و حەزی تۆڵە بە جارێ لە دڵتا چەکەرەی کردووەو بەتایبەتی لەم ماوەیەدا ڕقت تەنانەت لە ڕۆژگارو سروشت و ئاسمانیش دەبێتەوە کە تۆیان هێنایە یارێگای بوونەوە وا ئێستاش یاری باڵەت پێدەکەن و گەڵتە بە بوونت دەکەن. باشە بە چییا دەزانی کە بە هەڵەدا نەهاتووی و مرۆڤێکی لەڕێگایەکی ڕاست و ماقوڵەوە پێت ناوەتە سەر ئەم زەمینە، هەر لە سەرتای بوونتەوە کاتێ کە چاوت بەم دنیا پان و بەرینە هەڵهێنا، ئەم داوێن پیسییە پەتی پڕۆگرامە پیرۆزەکەی بچراندی کاتێ کە ئاگادار بووی لە کردەوەی دڵنیایی و قەڵای گومانت ڕووخاوەو ڕاستیت

بۆ دەرکەوتووەو ویستی بتکا بە قوتابی خۆی و لە فێرگەی خۆی وانەی گزی و ناپاکی و خۆفرۆشتنت فێر بکات. بیرکردنەوەی قووڵ لەم مەسەلەیە ئەتگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە تین و خۆشەویستی ئەو پەیوەندییە سەرتاپا درۆیە... سیمای مرۆڤێکی خۆفرۆش و ڕەوشت نزم ئا لەم چرکەیە ئاگاداری کردی کە خەڵك هەموو درۆزنن کاتێ کە دەڵێن پەیوەندیتان مەزنترین و پتەوترین پەیوەندییە درۆئەکەن، خۆ هەر لە بنەماوە ڕقت لێ ئەبووەو بیر و باوەڕتان پێکەوە نەئەگونجا. ئیتر پتەو بێ یاخود بێ‌هێز ئەمە تۆ ناگرێتەوە. گرنگ تۆ ڕقت لێیە.. ڕقێکی ئەستووریش دەمێکە پەرژینی بۆ دڵە ناسکەکەت کردووە، ئەنجامەکەشی بیرێکی ترسێنەرە ئەویە کە دەمانچەکەی حەمەی هاوڕێت دێنی و ئەو حەمەیەی کە چەندەها جار پلاری تێ گرتووی و تێی گەیاندووی کە تۆ کوڕی کێی.. «مەرج بێ حەمە ئەو پەڵە ناشیرینە بە خوێنەکەی سواغ

بدەم و ئیتر نەوێری باسی بکەی» ئەمەت وت و بۆ ئەوە چووی ئەمشەو لەنیوە شەوا پاش ئەوەی هەموو چاویان ئەچێتە خەو بە دوو سێ فیشەك هەواو هەوەس و ئارەزووی لە ژیان سارد کەیتەوە. بەڵام ئەبێ سروشت چ هێزێکی ئەفسوناویت پێ ببەخشێ تا ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنی! ئەی چۆن؟ چی ئەکەی!؟ قسەو باسی لە زاری خەڵکی چۆن بنەبڕ ئەکەی... ئافرەتێکی لەزەت فرۆش جێگای دەستی هەزاران کەس لەسەر لەشی دیارە... سەدەها ئاگر و تینی ئارەزووی سێکس بەو لەشە دامرکاوە. تۆبڵێی نەمانی بە دەستی یەکێکی وەکو تۆ کۆتایی بەم تراژیدیا کاریگەرە نەهێنێ باشە بۆ ئەوەی تاوانی کوشتنی ئەو سۆزانییە لە ئەستۆی خۆت نەگری ڕات چییە گەر خۆت بکوژی، ئیتر بە جارێ ڕزگارت ئەبێ.. لە گۆڕستانەکەی باوە شاسواریش پاڵی لێ ئەدەیتەوەو ئیتر - کەس بە چاوی سووکەوە تێت ناڕوانێ و لە کوچەو کۆڵانان پەنجەت بۆ درێژ ناکەن.

ئەمەش نا بیرکردنەوە لەم مەسەلە هەموو لەشت دێنێتە لەرزین هەرچەند هەوڵ و کۆشش بکەی دەستت لەخۆ ناچێ دڵنیای چاك خۆت دەناسی هەرگیز زاتی ئەوەت نییە خۆت بکوژی. باشە ئەوە خۆشت کوشت لەو باوەڕەی لە کردەوە ناشیرینەکانی پەشیمان بێتەوەو پەنجەی خۆی بگەزێ.. ئەم جۆرە ئافرەتانە توانای ئەوەیان نییە لەو ڕابردووە شیرین چێژە دەست هەڵگرن و بۆشەوانی سوور هەرگیز خەو نایەتە میوانی پێڵوەکانیان وای بۆ دەچی کە نەخۆشییەکی موزمینی هەیە ئەگینا هیچ ئافرەتێکی ئاسایی بەپێی خۆی و بەم شێوەیە ناچێتە دنیای ڕەشانەوەو تێکەڵی و داوێن پیسی. ئالەم بیرکردنەوەدا بووی گەیشتییە ئەو سەری شەقامەکە کەسی لێ نەبوو تەنها تۆ و چەند منداڵێك یاری تۆپێنیان ئەکرد. کاتژمێرەکەشت هێدی هێدی لە سەرخۆ ئەڕۆیشت بێباك بوو لەو ئازارەی کە تۆ پێی ئەتلێیتەوە.

دیسانەوە کارە ناپەسەندو ئاژەڵییەکانی هاتەوە بەر چاوت. ئەمجارە بڕیارت دا بە هەر جۆرێك بێت لە ناوی ببەی بەڵام ئەمجارەیان بێ دەمانچە کاتێ شەو هەموو ئەخەون ماڵ کپ و بێ دەنگ دەبێ هەردوو دەستت لە بنەقاقای گیرئەکەی و بە چاوی خۆت ئەبینی ڕەنگی چۆن شین و مۆر ئەبێتەوەو بۆ یەکەم جار لە ژیانتا مردوویەك ئەبینی کە تۆ بە دەستی خۆت دوا هەناسەت لێبڕیووە. کە بیرت لەو ساتە کردەوە منداڵ ئاسا فرمێسك تنۆك تنۆك وەکو بارانی بەهار بەسەر ڕوومەتتا ئەهاتنە خوارەوە، بە پەلە فرمێسکەکانت سڕی نەوەکو یەکێك بەو شێوەیە بتبینێ، هەنگاوەکانت بەخێرایی بەرەو لای ماڵی خۆتانی ئەبردی، کە گەیشتییە بەر دەرگای ماڵەوەتان خێسەیەکت بۆ کرد، بیرت بۆلای ئەوە چوو ئەبێ ئێستا لە ماڵەوە بێ یاخود لەگەڵ یەکێك لەدەرەوە ڕائەبوێرێ بەجارێ دەمارگیر بووی هەرچی جنێوی ناشیرین و پیس هەیە بە خۆتت دا «مرۆڤێکی دەیوس و بێ ئابڕوو شەرەفی وەکو من نەمانی چاکترە» بەتاو خۆت کرد بە ماڵا چاوەنۆڕی یەکێك بووی لەو دوو حاڵەتە یەکسەر ڕوو بە ڕووی بووی بینیت لەنێو حەوشەکە دانیشتووەو خەریکی چا تێکردنەو بەین بەین لەگەڵ باوکت قسەئەکا. بەجارێ حەپەسای، وەکو بڵێی یەکەم جارە ئەیبینی، ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ هەر لە یەکەم چاو- پێکەوتنەوە سەرنجت ڕائەکێشێ لەگەڵ پیرەمێردێکی بە ساڵاچووی بێهێز و توانا پیاڵە چایەکە بە دەستییەوە ئەلەرزێ، ئەبێ چۆن ژیانێك ژیابووبێ، کە تۆی بینی بە زەردەخەنەو سۆزێکی بێچەشنەوە بانگی کردی

- ڕۆڵە وەرە دانیشە چایەك بخۆرەوە

هەموو کەف و کوڵی دڵ و نەخشەو دوا بڕیارت نازانی چۆن بوو هەڵوەشێنرایەوە، بەرامبەری ڕەپ وەستای، نیگای چاوە پڕ سۆز و میهرەکانی کە هەرگیز لێی تێر نابی ڕقی چی و تۆڵەی چی... کوشتنی چی و خنکاندنی چی هەمووی لەبیر بردیەوە بێ ئەوەی ورتەیەکت لەزار بێتە دەر بەجێت هێشتن و چوویتە ژوورەکەی خۆت کەوتەوە بیرت بە هەمان شێوە براکانتی فریوداو هەوڵی خەڵەتاندنی دان.. خوێن بەری چاوەکانی گرتبووی کاتێ دیمەنی خۆت لە ئاوێنەکەدا بینی نازانی ڕووی ئاوێنەکە تەڵخ بوو یاخود ئاوێنەی دڵ و دەروونی تۆ تەڵخ بوو سیمای مرۆڤێکی لاواز و بێهێزی وەکو تۆ هەرگیز لە توانایا نییە کاری وا قورس بە ئەنجام بگەیەنێ و تۆڵە بکاتەوە وەکو ئەڵێن حەزی تۆڵەش هونەرێکە هونەرمەندێکی کارامەی ئەوێ... هەتا هێزت تیابوو مستەکۆڵەیەکت بە ئاوێنەکەدا کێشاو هاوارێکت لێ بەرز بووەوە «منیشت دەسکەوت» لە دەنگی هاوار و وردوخاش بوونی ئاوێنەکە یەکسەر بەسەر سەرتەوە ئامادە بوو. دەم و چاوێکی پڕ ترس و خۆشەویستی و سۆزی دایکێکی بە وەفاو دڵسۆزی لێ ئەتکا باوەشی پیاکردی و دەستە بریندارەکەتی مژی و پڕ دەمی بوو لە خوێن گەش و ئاڵەکەت کە ئەمەت لێی بینی دات لە پرمەی گریان لە دڵی خۆتا وتت «جا چ هێزێك هەیە بتوانێ لە ئاستی هێزە بێسنوورەکەت پەنجە بازی بکات، منێکی بێدەسەڵات لەکوێ و تۆ لەکوێ» دەستەکانیت گوشی و شەرابی ئەم واقیعە تاڵەت تا سەر نۆشی.